# نۆره هاتۆته سەر تورکیا

ئۆکتای ئەکشی
و : بەکر شوانی
bschwani@hotmail.com

دەزانن جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا پاول ڤۆلفۆفیتز کاری بە ئەنجام گەیاند و سازەکەی لە دەستی جێگری وەزیری دەرەوە مارک گرۆسمان وەرگرت. ئەگەر لە ژمارەی دوێنێی "حوریەت"دا لێدوانەکانی گرۆسمان-تان بۆ کەناڵی CNN Turk خوێندبێتەوە، ئەوا بێگومان سەرنجی ڕاکێشاون. گرۆسمان هەرچیەک بێت دیپلۆماتە، بەڵام پاول ڤۆلفۆفیتز قازمەی بەدەستەوە گرت و بە شێوازی قسەکانیەوە دیاربوو کە دەیەوێ بە پلایس و نەشتەر کار بە ئەنجام بگەیەنێ. لەگەڵ ئەوەشدا لێدوانەکانی هەردوکیان لە ئاکامدا یەک واتای هەیە: (ئێمە لە مەسەلەی عێراقدا چەندین بڕیاری پەیوەست بە تورکیا دەدەین. ئەگەر تورکیا دەیەوێ ئەم بڕیارانە نەرم بن یان لە بەرژەوەندی وی بن، ئەوا پێویستە دەستبەجێ بڵێت "من کردم، تۆ نەکەی.)

گرۆسمان ئەم مەسەلەیەی ئەوەندە بە هەند گرت بە جۆرێک پێنج جاران لەسەر یەک دەستەواژەی "بڕیاری زۆر گەورە دەدرێ"ی دووبارە کردەوە. پەیتا پەیتایش دەیگوت: "بەشێوەیەک هەڵسوکەوت ناکەین وەکو ئەوەی کە هیچ ڕوونەدابێ. " تاقانە مەرجی گرۆسمان-یش زۆر ئاشکرایە:

"پێویستە بەر لە هەموو شتێک پشتیوانی ڕاستەقینەی تورکیا ببینین. پێویستە پشتیوانی تورکیا بۆ هێزەکانمان لە باکوری عێراق دابین بکەین. "

گرۆسمان ئەوەش ناشارێتەوە کە دەبێت پەیوەندی تورکیا لەگەڵ سوریا و ئێراندا لەو چوارچێوەیەدا بێت کە ئەمەریکا دەیەوێت. گرۆسمان لێرەدا هەستیاریی تورکیا لەبەرچاو ناگرێت و ناخوازێت ئەوە ببینێ کە داخۆ تورکیا خاوەن مافێکی ڕەوایە لە هاوکاری کردن لەگەڵ ئێران و سوریا بۆ ڕێگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یاخود نا و بەجۆرێک دەدوێت وەکو ئەوەی بیەوێت بڵێت:

"ئێمە چۆنمان دەوێت وەها بکەن... بەرژەوەندیەکانی خۆتان مەخەنە پێش بەرژەوەندیەکانی ئێمە. ئەگەر نا، ئەوا خۆتان دەزانن. "

وەکو دەبینن مەرجەکەیان زۆر ئاسانە(!) و بریتیە لە:

"ئیدی بەرژەوەندی نەتەوەییتان لە سیاسەتی خۆتاندا نا، بەڵکو لەو سیاسەتەدا ببینن کە ئێمە دایدەڕێژین. "

بەبۆچوونی مارک گرۆسمان "تورکیا وڵاتێکی دیموکراتە. " باشە... ئێمەش دەمانەوێ "دەوڵەتێکی دیموکرات" بین و لەو بوارەشدا بۆ پێشەوە هەنگاو بنێین، بەڵام چەند لێدوانێکی پاول ڤۆلفۆفیتز لە شێوەی: (ئەگەر چاوێک بە بەرژەوەندی و ستراتیژی نەتەوەیی تورکیادا بگێڕن و بە تایبەتیش ئەوەی لەو سیستەمەی ئێوەدا هەیە... ئەوەی کە دەبوو سوپا بیگوتایە

ئەوەبوو کە... پشتیوانیکردنی ئەمەریکا لە بەرژەوەندی تورکیایە، بە بۆچوونی من.. .) نیشانی دەدات کە ناوبراو بەهیچ جۆرێک تورکیا وەکو "دەوڵەتێکی دیموکرات" نابینێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی حوریەت **٢٠٠٣/٥/٩**

کوردستان نێت www.kurdistannet.org